له لای دەرگای بەهەشتدا وەستام، بینیم زۆربەی ئەوانەی دەچنە بەهەشتەوە لە هەژارانن، ودەوڵەمەندەکان ڕاگیراون

لە ئوسامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە لای دەرگای بەهەشتدا وەستام، بینیم زۆربەی ئەوانەی دەچنە بەهەشتەوە لە هەژارانن، ودەوڵەمەندەکان ڕاگیراون، لەکاتێکدا ئەهلی دۆزەخ فەرمانیان پێکراوە ببرێن بەرەو دۆزەخ، ولە لای دەرگای دۆزەخ ڕاوەستام، بینیم زۆبەی ئەوانەی دەچنە دۆزەخەوە ئافرەتانن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەژارەکان لە پێش دەوڵەمەندەکان دەچنە بەهەشتەوە؛ چونکە سامانێکی ئەوتۆیان نییە کە لەسەری لێپرسینەوەیان لێبکرێت، وئەمیش ڕێزلێنانێکە بۆیان لە لایەن خوای گەورەوە، وپاداشتێکە بەرامبەر ئەو نیعمەت وخۆشیانەی دونیا کە پێیان نەبەخشرا بوو، بەڵام ئەوانەی خاوەنی سامان ومووڵکی زۆر وپلەوپایەی گەورەن ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا ڕاگیر دەکرێن وبۆ ماوەیەکی زۆر لێپرسینەوەیان لێدەکرێت بە پێی سامان وپلەوپایە ودەسەڵاتیان، وڕابوردنیان لە دونیا بە پێی شەهوەت وئارەزووەکان، حەڵاڵی دونیا لێپرسینەوە وحەرامکراوەکان سزای لە سەرە، وهەژارەکان لەم شتانە دوورن، وزۆرینەی ئەوانەی دەچنە دۆزەخەوە لە ئافرەتانن چونکە زیاتر تاوان ئەنجام دەدەن وهەروەها ئینکاری لە چاکەکاری مێردەکانیان دەکەن وزۆر ڕەخنە دەگرن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3745